4

# ئەرکی مێژوونووس و بایەخی مێژوو

ناوەندی توێژینەوەی دەنگی نەتەوە

٢٠٢٤

نووسین و ئامادەکردنی توێژینەوە

ئاریان ئومێد حەمەتاڵ

**ناوەندی توێژینەوەی دەنگی نەتەوە**

**بەرهەمی چوارەم: ئەرکی مێژوونووس و بایەخی مێژوو**

**نووسین و ئامادەکردنی توێژینەوە:**

**ئاریان ئومێد حەمەتاڵ**

**دیزاینی بەرگ:**

**هەوار نوری**

**(٢٧٢٤) کوردی** **(٢٠٢٤) زایینی**

## ناوەڕۆک:

پێشەکی ............................................ ٣

تەوەری یەکەم: مێژوو چیە و مێژوونووس کێیە ......... ٦

تەوەری دووەم: سود و بایەخی مێژوو .................. ١٨

ئەنجام .............................................. ٢٧

لیستی سەرچاوەکان ................................. ٣٠

## پێشەکی :

هەوڵی مرۆڤ بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ڕابردوو، مێژووییەکی دێرینی هەیە. هەر لەو ساتەوە کە لە شێوەی وێنەدا چیرۆکی ڕاوەشکارو چالاکییەکانی ڕۆژانەیان لەسەر تاوێرو دیواری ئەشکەوتەکان دەنەخشاند، دەستپێدەکات تا دەگات بە دۆزینەوەی نووسین و تۆمارکردنی زانیارییەکان لەسەر تاتی قوڕین و پەڕی پاپیرۆس و چەرمی ئاژەڵ و کاغەزو ئەمڕۆش ئەو ئامێرە پێشکەوتووانەی کە لەبەردەستی ئێمەدان.

ڕەنگە خولیای سەرەتایی مرۆڤ بۆ نووسینەوەی ڕووداوەکان، پەیوەندی بەو ئارەزووە بێ سنورەی مرۆڤەوە هەبوبێت بۆ ژیان، ئەو ئارەزووەی کە دەیەوێ بۆ هەمیشە بە نەمری بمێنێتەوە. بەڵام لە کۆتاییدا

ڕووداوەکـــــان بەهەر مەبەســـــتێک نووســـــرابن، نەوەی دواتـــــر بەجـــــۆرێکی تـــــرو بە مەبەســـــتێکی تـــــر خوێنـــدوویانەتەوە کە ئەویـــش زیـــاتر ســـود بینیـــنە لە ئەزمـــوونی مرۆڤـــانی پێشـــین. بەڵام پرســـیارە ســـەرەکیەکە لەوەدایە چـــۆن ئەو کـــارە بکەیـــن. ئەوە کێـــیە مێـــژوو دەنووســـــێتەوەو چـــــۆنی دەنووســـــێ؟! ئـــــایە ئەوەی دەنوســـرێ ڕاســـتەوخۆ دەبـــێ بە ڕاســـتییەکی مێژوویـــی؟! ئـــایە ســـود و بـــایەخی مێـــژوو بە ڕوونـــی لەچیـــدا خـــۆی دەنوێنێ؟!

ئەم کـــورتە تـــوێژینەوەیە کە لە دوو تەوەر پێکهـــاتووە، لەوەڵامی ئەم پرسیارانەدا ئامادەکراوە.

لە **تەوەری یەکەمـــدا** چەمـــک و پێناســـــەی مێـــژوو، خـــــــــــراوەتەڕوو، هەروەهـــــــــا بـــــــــاس لە ئەرک و بەرپرسیاریەتی مێژوونووس کراوە.

**تەوەری دووەمـــیش** تەرخـــانە بـــۆ ســـود و بـــایەخی مێـــژوو، لە کۆتاییشـــدا دەرئەنجامـــان هەیە کە لەچەنـــد خاڵێکدا خراوەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم: مێژوو چیە و مێژوونووس کێیە:

### چەمک و پێناسەی مێژوو:

بەشێوەیەکی گشتی بۆ یەکەمجار گوزارشتێک بۆ مەبەستی مێژوو بەکارهاتبێت زاراوەی (Historia) بووە، کە لەسەدەی پێنجەمی پێش زایندا، مێژوونووسی ناوداری یۆنانی (هیرۆدۆتس) بە مەبەستی گەڕان و پشکنین بەدوای ڕووداوەکانی ڕابردوودا و تۆمارکردنیان بەکاریهێناوە[1].

دەستەواژەی (مێژوو) لە بەشێکی دیاری زمانە ئەوروپییەکاندا بەمانای چیرۆک هاتووە، هۆکاری ئەمەش گەڕانەوەی هەردوو وشەی (مێژوو) و (چیرۆک)ە بۆ یەک ڕەگی فەرمان لەو زمانانەدا، ئەمە جگە لەوەی سەرەتای

---

[1] – سامان حوسێن ئەحمەد: میتۆد و لێکۆڵینەوە – هەنگاوەکانی نووسینی لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، چ١، چ.تاران، (٢٠٢٠)، ل٧٣.

تۆمارکردن و نووسینەوەی مێژووش هەر لە چەشنی چیرۆک و گێڕانەوەدا هاتووە[1]. ئەگەرچی لەسەرەتاوە ئەفسانەو خەیاڵ ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە سـەرهەڵدانی مێژوودا، بەڵام پێداویستییەکانی ژیان و گێرەوکێشـە تایبەتی و گشـتییەکان وایکرد کە مامەڵەکردن لەگەڵ کەتوار (واقع)دا خۆی بگونجێنێ و هێدی هێدی بەرگی خەیاڵ و ئەفسانە لەخۆی دابماڵێت[2].

لە ڕابردوودا چەنـدین پێنـاسـە بۆ چەمکی مێژوو سـەریهەڵداوە، مێژوونووسـان و بیرمەندان و قوتابخانەو ڕەوتە جیاوازەکان پێناسـەی تایبەتی خۆیان بۆ ئەو چەمکە هەبووە، لەوانە مێژوونووسـی گەورەی یۆنانی (هیرۆدۆتس) کە زۆرجار بە باوکی مێژوو ناودەبرێت، لە پێناسەی مێژوودا

[1] – سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، چ.کارۆ، چ١، (سلێمانی، ٢٠١٩)، ل٥٥.
[2] – ڕەحیم سابیر: فەلسەفەی مێژوو، چ١، چ.داناز، (سلێمانی، ٢٠٠١)، ل٤٤.

دەڵێت: " مێژوو بریتییە لە گەڕان و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لە ڕووداوەکـــانی ڕابردوو و تۆمـــارکردنیـــان". لە ڕوانینی ئەویشـــــەوە ئەو کـــارە تەنهـــا بەو شـــــێوەیە دەکرێـــت کە مێژوونووس بۆخۆی گەشـت و گەڕان بۆ ئەو ناوچانە ئەنجام بدات کە دەیەوێت لە مێژووەکەیان بکۆڵێتەوە. مێژوونووســـی موســـــڵمـــان (تەبەری)یش، دەڵێـــت: " مێژوو هونەرێکە لە ڕووداوەکانی زەمەن دەکۆڵێتەوە و لە بارودۆخی تیرەکان و وڵاتەکانیان و ســـــروت و ئاداب و نەریت و پیشـــــەکانیان و ڕەچەڵەک و پیاوە دیارەکانیان دەکۆڵێتەوە"[1].

ئیبن خەلدونیش لەم بارەیەوە دەڵێت: مێژوو یەکێکە لەو هونەرانەی کە نەتەوەکان و نەوەکانیان دەستاودەستی دەکەن و هەوڵی زانین و شارەزابوونی دەدەن، پاشا و سەرۆکەکان کێبەرکێی لەسەردەکەن و داناو نادان وەک یەک لێی تێدەگەن.

[1] – سامان حوسێن ئەحمەد: میتۆد...، ل٧٦.

هەروەهــا دەڵێــت: مێژوو لە ڕواڵەتــدا تەنهــا گێڕانەوەی بەســەرهاتەکانی ڕابردووە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ڕاوبۆچوون و ســاغکردنەوە هەیە بۆ زانینی هۆکارو بنچینەی ڕووداوەکان[1]. هەرچی گەورە مێژوونوســی ئەڵمانی (لیۆپۆلد ڤۆن ڕانکە)شــە، پێیوایە مەبەســـتی ســـەرەکی مێژوو ئەوەیە کە ڕووداوەکان وەک ئەوە بخاتەبەرچاو کە لە ڕاســـتیدا هەبوون، ئەویش لە ڕێــگەی لــێــکــۆڵــیــنەوەی وردی (زمــانەوانــی – دەقــی) و شیکردنەوەو ساغکردنەوەی بەڵگەنامەکانەوە دەبێت[2].

مێژوونووس و فەیلەســـــووفی ئینگلیزی (ڕۆبن جۆرج کولنجود)یش، دەڵێت: زانســتی مێژوو جۆرێکە لە لێکۆڵینەوەی زانســتی کە ئامانجی گەڕانە بە شــوێن هەوڵ و تێکۆشــانەکانی

---

[1] ــ موحسین محەمەد حوسێن: سروشتی مەعریفە و فەلسەفەی مێژوو، چ١، چ.ڕۆژهەڵات، (هەولێر، ٢٠١١)، ل١٦.

[2] – کامەران محەمەد: فێرنان برۆدێل و گوتاری مێژوویی، چ.بینایی، (سلێمانی، ٢٠١٢) ل٧٢.

مرۆڤ لە ڕابردوودا، ئەویش بە پشـــتبەســـتن بە لێکدانەوەی بەڵگەنامەکان. هەروەها مێژوونووســـــی فەڕەنســـــی (ه.مارۆ) پێیوایە مێژوو بریتییە لە زانین و ئاگایی لەبارەی ڕابردووی مرۆڤایەتییەوە، ئەویش لەڕێگەی مرۆڤی ئەمڕۆو سبەینێوە کە مێژوونووسە[1].

مێژوونووسی بەریتانی (ئەدوارت هالیت)یش دەڵێت: مێژوو لە جەستەی ڕاستیە تەتەڵە کراوەکان پێکدێت. ڕاستییەکان لە بەڵگەنامەو ســـــەرچاوەکاندا دەســـــتی مێژوونووس دەکەون، مێژوونووسیش کۆیان دەکاتەوەو ڕاڤەیان دەکات[2].

مێژوونوســـــی کورد (شـــــەرفخانی بەدلیســـــی)یش، دەڵێت: مێژوو پڕە لە ئامۆژگاری بەســـوود و تەژیە لە ڕێنیشـــاندان و ئەزموونی بەکەڵک، بەسەرهاتی ڕابردووانمان بیر دەخاتەوە و

[1] – سامان حوسێن ئەحمەد: میتۆد...، ل٧٧-٧٨.

[2] – دیار غەریب: خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کوردستان، چ١، چ.ئازادی، (٢٠١٦)، ل٤٣.

دووری کەونارامان لێ نزیک دەکاتەوە، جا بەتایبەت ئەگەر ئەو سەربوردەو ڕووداوانە دەم و ڕاوێژ خۆشان بیگێڕنەوە یان میرزای چاپوک و بەتوانا لە توێی کتێبەکاندا تۆماریان بکات [1]. هەروەها (د. کەمال مەزهەر)یش مێژوو بە زانستی زانستەکان ناودەبات و دەڵێت: "وەک خوێی چێشت وایە بۆیان چونکە هیچ زانیارییەکی گرنگ نییە مێژووی تایبەتی خۆی نەبێت، وەک مێژووی سروشت و مێژووی ئابووری و مێژووی زمان و مێژووی کیمیا و فیزیا و هونەر...تاد" [2].

کۆی پێناسەکان لەوەدا یەک دەگرنەوە کە مێژوو بریتییە لە گرنگیدان بە ڕابردووی مرۆڤ. ئەم گرنگیپێدانەش لە شێوەی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون و ساخکردنەوەدا خۆی

---

[1] – شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، وەرگێڕانی: هەژار، چ٣، (هەولێر، ٢٠٠٦)، ل٧.

[2] – کەمال مەزهەر: مێژوو، چ٢، چ.هێڤی، (هەولێر، ٢٠٠٨)، ل١٥.

دەنوێنێ، واتە دەکرێــت بڵێین: " مێژوو دەرئەنجــامی ئەو لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونانەیە کە لە میانەی شـەنووکەوکردنی کەرەســـتە خامەکانی ڕابردووی مرۆڤایەتیدا بەدەســـتهاتووە. ئەو کەرەســــتە خامانەش خۆیان لە چەندین بواری جیاوازی وەک ســــیاســــەت و زانســــت و کولتوور و دابوونەریت و هەڵســـوکەوت و ژیانی ڕۆژانەو ڕووداوە هەمە چەشــنەکانی کۆمەڵگەی مرۆییـدا دەبیننەوە". بە واتـایەکی دیکە گێڕانەوەو تۆمـارکردنی ڕووداوەکـان بەتەنهـا نـابێت بە مێژوو، بەڵکوو دەچێتە چوارچێوەی کەرەســــتەی لێکۆڵینەوەی مێژووییەوە؛ پێویســــتە لە لایەن مێژوونووســــەوە بە ڕێکاری زانســــتیی وردبینی و ســـاخکردنەوەی بۆ بکرێت، پاشـــان بە جۆرێک بۆ خوێنەر بخرێتەڕوو کە بۆ ژیـانی ئەمڕۆو ئایندەمـان بەکەڵک بێت.

**مێژوونووس کێیەو ئەرکی چییە:**

نووســـینەوەی مێژوو کارێکی هەروا ســـادەو ئاســـان نییە، پێویستە ئەو کەسەی ئەرکی لێکۆڵینەوەی مێژوویی لە ئەستۆ گرتووە کۆمەڵێک تایبەتمەندی دیاری تێدابێت، لەوانە: تا دەکرێت دادپەروەر بێت لە هەڵســـــەنگاندن و بڕیاردان لە ڕووداوەکان، هەروەها شارەزایی و ئاگایی باشی لەو بوارەدا هەبێت کە کاری لەســـــەردەکات، بەپێی پێویســـــت زانیاری لەبارەی زانســـتەکانی دیکەوە هەبێت چونکە لێکۆڵینەوە لەمەڕ ڕووداوەکانی ڕابردوو تەنها بە پشـــت بەســـتن بە کەرەســـتە مێژووییەکان ناکرێت، زۆرجار زانســـــتەکانی دیکەی وەک دەروونناسی و کۆمەڵناسی و شوێنەوارناسی و زۆر زانستی دیکەش ڕۆڵیان لە دەرخســـتنی ڕاســـتییە مێژووییەکاندا هەیە. لەگەڵ ئەمـــانەدا مـێـژوونـووس دەبـێـت بە گـومـــانەوە لە ڕووداوەکانی ڕابردوو بڕوانێ و ملکەچی ڕای گشـــتی نەبێت،

ئەمەش بەو واتـــايەی بيـركـردنەوەيەكـی ڕەخنەگرانەی بۆ هەڵســــەنگاندن و شـــڕۆڤەكردنی ڕووداوەكان هەبێت و هيچ زانيـارييەک وەک ڕاســـتی ڕەهـا وەرنەگرێـت تـا وردبينی و شەنوكەوی تەواوی تێدا نەكات[1].

ئەركی مێژوونووس كۆكردنەوەی ڕووداوگەلێكی ورد و فراوانە، لە كـاتی ئەنجـامـدانی توێژينەوەدا لە ئێســــتـا دوور دەكەوێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ كات و شـوێنی ڕووداوەكان، لە هەندێک شـــــوێنيش كە كەموكورتی لە زانيارييەكاندا هەيەو هەنـدێـک بەشــــی ڕووداوەكـان نـاديـارن، مێژوونووس بە لەبەرچاوگرتنی كات و شـــــوێنی ڕووداوەكە بۆچوونی خۆی دەردەبڕێـت و كۆشــــــشـــــكـاری (اجتهـاد) دەكـات[2]، واتە بە

[1] – سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: ڕێبازی...، ل٨٤-٨٦.

[2] – موفيد ئەلزەيدی: سەرەتايەک لە فەلسەفەی مێژوو، وەرگێڕانی: بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، چ١، (هەولێر، ٢٠١٥)، ل٤٧.

شـــێوەیەکی گریمـانەیی وێنـای ڕووداوەکـان دادەڕێژێتەوە بەجۆرێک کە لە واقیعی ئەو ڕۆژگارەوە نزیک بێت.

مێژوونووس هەوڵدەدات لە ڕووداوەکانی ڕابردوو تێبگات بەسـەرجەم لایەنەکانیەوە و لێکۆڵینەوەی وردیان لەسـەربکات و شـــیان بکاتەوە، ســـەرەتا لە کۆکردنەوەی پاشـــماوە و کەرەســـتە و زانیارییەکانەوە دەســـتپێدەکات و دواتر دەچێتە قـۆنـاغـی بەدواداچـوون و ڕەخـنەگـرتـن و گەڕان بەدوای ڕاســـتییەکـانـدا، پـاش ئەوەش قۆنـاغی شـــیتەڵکردن و شـــیکردنەوەیـان و دواتر پێکەوە بەســـتنیـان و ئەوجـا خستنەڕوویان بە شێوەیەکی ڕوون و زانستی[1].

یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی مێژوونووس بەســـتەنەوەی ڕابردووە بە ژیانی ئێستاوە، ئەوەش لەلایەک بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی ئەمرۆمان و لەلایەکی دیکەش بۆ ئامادەســـازیی

[1] – سامان حوسێن ئەحمەد: میتۆد...، ل١٥٦.

ژیـانی ئـایندەمـان. ئەو لە ڕێگەی وردبینی لە مێژوودا بە پنتەکـانی گۆڕانکـاری لە ژیـانی کۆمەڵدا ئـاشـــنـا دەبێت و دەتوانێت بە پشـبەسـتن بەو زانیارییانەی لەمەڕ ڕووداوەکانی ڕابردوو هەیەتی، خوێنـدنەوە بۆ پێشـــهـات و بـارودۆخە جیاوازەکان بکات و خاڵە بەهێزو لاوازەکان بناســـێتەوەو کۆمەڵگەی لێ ئاگاداربکاتەوە. واتە مێژوونووس بەشـــدارە لە پرۆســـەی پلاندانان بۆ ئاییندە، بە واتایەکی دیکە بە ڕامان لە ڕابردوو، ڕۆڵی هەیە لە نووسینەوەی مێژووی داهاتوودا.

ئەرکێکی دیکەی مێژوونووس، وەبەرهێنانەوەیە لەمێژوودا، ئەمەش واتە تەنها مژوڵی گێڕانەوەی چیرۆک ئاسای ڕابردوو نەبێـت، بەڵکوو هەوڵی بۆ ئەوەبێـت مـانـاگەلێـک لە مێژوو بەدەســـت بهێنێت کە بۆ گەشـــەســـەندنی ئەمڕۆی کۆمەڵگەو نەتەوەکەی ســـــودبەخش بێت. هەروەک (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) لەم بارەیەوە دەڵێت: بەپێی گەشـــەکردنی توانای شـــیکاری

مرۆڤ، دەتوانرێـت خوێنـدنەوەی نوێ بۆ مێژوو بکرێـت و ئەنجـامی جیـاوازی لێ دەربخرێـت. واتە مەرج نیە ئەو ئەنجامانەی ئەمڕۆ وەکوو ڕاسـتی بۆ دیاردەو ڕووداوێک سـەیردەکرێت، بۆ هەمیشـە بەو شـێوەیە بمێنێتەوە[1]، بەڵکوو پەیوەستە بە شرۆڤەو لێکدانەوەی مرۆڤەکان لە کات و شوێنە جیاوازەکان و پێویستییەکانیان.

[1] – دیار غەریب: خوێندنەوەیەکی...، ل٤٧.

## تەوەری دووەم: سود و بایەخی مێژوو:

هەروەک چۆن کەسێک کە بەهۆی پیری یان نەخۆشییەوە یادەوەری لەدەستدەدات ئیدی وەکوو کەسێکی بێبەش لە ژیانی ئاسایی کۆمەڵگە دادەنرێت و ناتوانێت هاوشانی تاکەکانی دیکە ژیانێکی تەندروست و سەرکەوتوو بباتەسەر، بەهەمان شێوەو لە گۆشەیەکی فراوانتردا هەر کۆمەڵگەیەکیش ئاگاداری ڕابردووی خۆی و کۆمەڵگەکانی دیکە نەبێت، ناتوانێت خۆی بناسێت و بەپێی پێویست بەرەوپێشەوە بچێت، بەتایبەت کاتێک کە هەموو کۆمەڵگەیەک یادەوەری و ئەزموونگەلێکی جۆراو جۆریان لە ڕابردوودا هەیە بنچینەی ناسنامەو بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەمڕۆیان پێکدەهێنێت. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا خوێندنەوەی مێژوو بە تەنها بەس نییە، بەڵکوو پێویستە لەگەڵیدا هۆشیاری مێژوویی بوونی هەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی زانیارییە مێژووییەکان، ئەگەر هۆشیاری

مێژوویی یــان بە دیوێکی تردا لێکۆڵینەوەی مێژوویی بەشــێوەیەکی دروســت و زانســتی بوونی نەبێت، ئەوا نەک گەڕانەوە بۆ مێژوو ســودی نابێت، بگرە دوورنیە کۆمەڵگە بە ئاڕاســتەیەکی هەڵەشــدا ببات، هەروەک ئەوەی کە نازییەکانی ئەڵمانیا مێژووییان بەجۆرێک هەڵدەســـەنگاند کە تێکڕای شـــکســـت و کارەســـاتەکانی ئەڵمانیا بەهەڵەی جوولەکەکان بزانن[1]. بۆیە زۆر گرنگە ڕوانینێکی دوور لە خەیاڵ پڵاویمان بۆ ڕابردوو هەبێت و ڕووداوەکان بەچاوی کات و ســەردەمی خۆیانەوە هەڵبسەنگێنین، هەروەها بۆ ئەو لایەنانە بگەڕێین کە دەشـــێ بۆ ئەمڕۆمان بە کەڵکبن، ئەوســـا دەتوانین ســـودو چێژێکی ئەوتۆ لە مێژوو وەربگرین کە بۆ ژیــانی ئەمڕۆو ئایندەمان ڕۆڵ و گرنگیی هەبێت. کەواتە لێرەدا ئەو پرســیارە

[1] - John tosh: the pursuit of history – aims, methods and new directions in the study of modern history, revised third edition, p1-2.

ســــەرەکییە دروســــتدەبێت کە ئایە بە تەواوی ئەو ســــودو کەڵکـانەی مێژوو چییە کە بـاســــی دەکەین، ئێمە لە ڕێگەی خوێندنەوەی مێژووەوە دەگەین بەچی؟

1 - دیـارترین ســــودێـک لە مێژووەوە وەریبگرین ئەو ئەزمـوونەی مـرۆڤـانـی پـێشـــــینە کە ئـێمە پـێـیـدا تێپەڕنەبووین و پێی ئـاشـــــنا نین. بەبێ گەڕانەوە بۆ مێژوو نـاتوانین لەو بارودۆخانە تێبگەین کە هێشـــــتا ئەزموونمـــان نەکردووە. بۆ نموونە کۆمەڵگەیەک کە ماوەیەکی زۆرە لە ئاشـــتیدا دەژی ناکرێت بەبێ کەڵک وەرگرتن لە مێژوو، وێنای بارودۆخی جەنگ بکات و خۆی بۆ ئـــامـــادەبکـــات، یـــان کۆمەڵگەی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی ناتوانێت لە شــەڕ و کێشــە ســیاســییەکانی ناوچەگەلی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زۆر شوێنی

دیکەی جیهان تێبگات و هەوڵی چارەسەرکردنی بدات، تا نەگەڕێتەوە بۆ ڕەگوڕیشە مێژووییەکانیان[1]. واتە خوێندنەوەی مێژوو بۆ تێگەیشتنە لە ڕووداوەکانی ئەمڕۆو بەرچاو ڕوونییە بۆ پێشهاتەکانی داهاتووشمان، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئەو ڕووداوانەی لە داهاتوودا ڕودەدەن ڕێک هاوشێوەی ڕووداوەکانی پێشتربن، بەڵکوو مەبەست لەوەیە ئەو کەرەستەو پێکهاتانەی بوون بەهۆی سەرهەڵدان و دروستبوونی ڕووداوەکانی ڕابردوو، بەهەمان شێوە لە ڕووداوەکانی ئێستاو داهاتووشدا ڕۆڵدەگێڕن چونکە فاکتەری سەرەکی ڕووداوەکان مرۆڤە، دیارە سروشتە

[1] - Peter N. Stearns: Why Study History?, American Historical: https://www.historians.org/about-aha-and-membership/aha-history-and-archives/historical-archives/why-study-history-(1998)

بنچینەییەکەی مرۆڤ زۆر بە دەگمەن گۆڕانکـاری بەســــەردادێـت، بۆ نموونە پرۆســــەی بیرکردنەوە، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام خودی پرۆسەکە تا هەنـووکە وەک خـۆی بەردەوامە، یـاخـود ســــۆزو خۆشــــەویســــتی، یان ڕقلێبوونەوەو بەزەیی، ئەمانە لە ڕووی بنچینەو کرۆکەوە تا ڕادەیەکی زۆر جێگیرن و گۆڕانیـان بەســــەردا نـایەت، مەگەر تەنهـا لەڕووی ڕووخسارەوە کە مۆرکی سەردەمەکان وەردەگرن[1].

2- خـوێنـدنەوەی مێژوو لایەنی مەعریفی و زانینی مرۆڤایەتی دەوڵەمەند دەکات و کۆمەڵگە و دەسەڵاتیش چـالاکـتـر دەکـات بـۆ ئەوەی بەهەڵەدا نەچـن لە چارەســــەرکردنی کێشــــەکاندا. بەخوێندەوەی مێژوو

---

[1] - کامەران احمد محمدامین: دیالیکتیکی زەمەنی مێژوویی و خوێندنەوەیەکی تر بۆ زانستی مێژوو، چ.زانکۆی سەلاحەدین، (هەولێر، ٢٠١٧)، ل٧٨-٧٩.

مرۆڤ ئاشــنا دەبێت بەو هەڵانەی کە پێشــتر کراون و خۆی لە دووبارەکردنەوەیان دەپارێزێت، هاوکات بەو ڕێگا ڕاســـت و شـــێوازە ســـەرکەوتووانەی کارکردن ئاشـنا دەبێت کە لە ژیانی ئێسـتادا هاوکاری دەکەن، بۆ نموونە وڵاتێکی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لە ساڵی (١٩٢٩)دا توشی قەیرانێکی گەورەی دارایی دەبێتەوە، لە ئێســـــتادا بەهۆی خوێندەوەو تێڕامان لە هۆکارەکانی و هەوڵەکانی چارەســـــەرکردنی، جارێکی دیکە ئەســـتەمە بەو جۆرەی ئەوکات توشـــی قەیرانێکی لەو چەشـــــنە ببنەوە، هەروەها گەلێکی دواکەوتوو بۆ ئەوەی بیەوێت لە هەر ڕوویێکەوە جا ئابووری بێت یان کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەروەردەیی...تاد، پێشبکەوێت، دەکرێ لەنێو مێژووی گەلانی پێشـکەوتوودا سـوود لە هەڵەو چارەســـــەرەکان وەربگرێت. واتە ئاشـــــنابوون

بەهەڵەکانی پێشـــوو و هەوڵەکانی چارەســـەرکردنیان، نەک هەر ئێســـتا بەڵکوو هۆکار دەبێت بۆ بنیادنانی ئایندەیەکی باشتریش[1].

3 -پێشکەوتنی مرۆڤایەتی زادەی قۆناغبەندییەکی بەدوای یەکدایە، مێژوو هێڵی گرێدانی ئەو قۆناغە جیاوازانەیە بەیەکەوە[2]. واتە ئەوە مێژووە کە پێمان دەڵێت لە کوێوە دەســـتمـــان پێکردوو بەچیـــدا تێپەڕیوین و چۆن گەیشـــتووین بە ئەمڕۆ، نیشـــانمـــان دەدات چۆن بەهێزدەبین و چۆنیش بەرەو شـــکســـت و لاوازی دەچین.

---

[1] – سامان حوسێن ئەحمەد: میتۆد...، ل١٥٢.

[2] – جۆزیف هۆرس: بەهای مێژوو، وەرگێڕانی: عوسمان عەزیز عەلاف، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٤.

4 – مرۆڤ بە خوێندنەوەی مێژوو باشتر دەتوانێت خۆی بناسێت و پاڵنەرو نهێنییە پەنهانەکانی ڕفتاری خۆی درک پێبکات، ئەرک و مافی خۆی بزانێت و بەرپرسیارانە لەگەڵ خەڵکدا مامەڵەبکات[1]، ئەمەش بەو واتایەی کە دەشێت بە خوێندنەوەی ئەزموونی کەسایەتییەکانی ڕابردوو، درک بەو توانا شاراوانەی خۆمان بکەین کە تا ئەودەم لێیان بێئاگا بووین، لە کاتێکدا کەسانێک پێش ئێمە کەڵکیان لێوەرگرتووە. دەبینین مرۆڤە سەرکەوتووەکان چۆن شەڕی مافەکانی خۆیان کردووەو ئەو ڕێکارو ڕێگایانە چیبوون لەو پێناوەدا گرتویانەتە بەر، هەروەها بە ڕوانین لەو ئەزموونانەوە دەتوانین درک بەوە بکەین مرۆڤێک لە

[1] – عەبدولحسەین زەڕینکوب: مێژوو لە تەرازوودا، وەرگێڕانی: قادر محەمەد حەسەن و سۆران بهاء ئەحمەد، چ١، چ.سەردەم، (٢٠١١)، ل٢٩.

هەمان پێگەو جێگەی ئێمەدا دەتوانێ چی گۆڕانکارییەک بهێنێتە کایەوە، ئەمەش خۆناسین و لە دواجاردا بنیادنانی کەسایەتیەکی بەهێزی لێدەکەوێتەوە.

5- لە ژیانی تایبەتیی خۆشماندا، خوێندنەوەی مێژوو چێژو هیوامان پێدەبەخشێت. کاتێک بەنێو ژیانی ڕابردوودا گوزەر دەکەین، باشتر درک بەو شتانە دەکەین کە خاوەنداریەتی لێدەکەین، پتر چێژ لەو کەرەستانە دەبینین کە ئەمڕۆ بۆ ئاسانکاری و خۆشگوزەرانی ژیان، لەبەردەستی مرۆڤدان. لەمێژوودا بە ڕووداوی خۆش و ناخۆشدا تێدەپەڕین، شکست و هەستانەوە دەبینین، ئەمەش هانمان دەدات بەشێوەیەکی ئاسایی لە پێشهاتە نالەبارەکانی ژیانمان بڕوانین و هیواو ئومێدی هەستانەوەو تێپەڕاندنی ناخۆشییەکان بە شتێکی مەحاڵ و نەکردە نەبینین.

**ئەنجام:**

1 - ئەگەرچی زۆربەی بۆچوونەکان لەوەدا هاوڕان کە مێژوو گرنگیدانە بە ڕابردووی مرۆڤ، بەڵام بە تەنها دوپاتکردنەوەی بەسەرهاتەکانی ئەو ڕابردووە لە چەشنی چیرۆک و گێڕانەوەدا نابێت بەمێژوو، بەڵکوو وەک کەرەستەی لێکۆڵینەوەی مێژوویی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و پێویستیان بە شرۆڤە و بەدواداچوون و ئەنجامگیری هەیە.

2 - ئەرکی مێژوونووسە شەنوکەوی کەرەستە مێژووییەکان بکات و بەجۆرێک کەڵکی لێوەربگرێت کە بۆ ئێستای کۆمەڵگە بەسود بن، بە واتایەکی دیکە ڕووداوەکان زیندووبن و کاتێک لیی ڕادەمێنین هەست بەوە بکەین کە دەتوانیٚ گۆڕانکاری لە ژیانماندا بکات. ئەمەش تەنها بەوە

دەکـرێـت کە مـێـژوونـووس لە چـوارچـێـوەی گێڕانەوەی چیرۆکییـانە بچێتە دەرەوەو بەدوای هۆکـارو دەرئەنجـامی بنیـادنەرانەی ڕووداوەکـانـدا بگەڕێت و بە شـــێوەیەک شـــرۆڤەیان بکات کە بە سودی ئەمڕۆو ئایندەی کۆمەڵگە بشکێتەوە.

3- لە کۆبـاســـی ســـودەکانی مێژوودا دەگەینە خـاڵێکی ســـەرەکی، ئەویش گرنگیی مێژووە لە ئـاڕاســـتەکردنی ژیـانی ئەمڕۆ و داهـاتوومـانـدا. بەشـــێوەیەک ڕۆڵی گەنجینەیەکی پڕ لە ئەزموون دەبینێ کە نهێنی گەشـــەو بەردەوامی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەخۆیدا هەڵگرتووەو ڕێگەی شـکسـت و ســەرکەوتنەکانی مرۆڤانی پێشـین نیشـان دەدات. هەروەک چۆن ئەگەر ئەندازیارێک زانیاری لەســەر جۆرێتی و بنچینەی ئەو خـاکە نەبێ کە کاری تێدا

دەکات ناتوانێ هەنگاوی دروســـــت بۆ بنیادنانی پڕۆژەکەی بنێت، بەهەمان شێوە مرۆڤیش چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگەو ژیانی گشتی، یان لەسەر ئاستی تــاک و ژیــانی تــایبەتی، بەبێ ڕەچــاوکردن و خوێنـدنەوەی مێژوو، نـاتوانێـت پلانێکی تۆکمە و سـەرکەوتوو بۆ سـەرپێخستنی ئایندەیەکی گەش و ڕوون دابنێت.

## لیستی سەرچاوەکان:

### - بە زمانی کوردی:


1- جۆزیف هۆرس: بەهــای مێژوو، وەرگێڕانی: عوسمان عەزیز عەلاف، (سلێمانی، ٢٠٠٦).

2- دیار غەریب: خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کوردســـــتان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئازادی، (٢٠١٦).

3- رەحیم سابیر: فەلسەفەی مێژوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی داناز، (سلێمانی، ٢٠٠١).

4- سامان حوسێن ئەحمەد: میتۆد و لێکۆڵینەوە – هەنگــاوەکــانی نووســـــینی لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، چــاپی یەکەم، چــاپخــانەی تــاران، (٢٠٢٠).

5- ســـــەروەر عەبـدولڕەحمـان عومەر: ڕێبـازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، (سلێمانی، ٢٠١٩).

6- شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، وەرگێڕانی: هەژار، چاپی سێیەم، (هەولێر، ٢٠٠٦).

7- عەبـدولـحســـــەیـن زەڕیـنـکـوب: مـێـژوو لە تەرازوودا، وەرگێڕانی: قادر محەمەد حەسەن و ســـۆران بهاء ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، (٢٠١١).

8- کامەران احمد محمدامین: دیالیکتیکی زەمەنی مێژوویی و خوێنـدنەوەیەکی تر بۆ زانســـــتی مێژوو، چـــاپـخـــانەی زانکۆی ســـــەڵاحەدین، (هەولێر، ٢٠١٧).

9- کامەران محەمەد: فێرنان بڕۆدێل و گوتاری مێژوویی، چاپخانەی بینایی، (سلێمانی، ٢٠١٢).

10- کەمال مەزهەر: مێژوو، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، (هەولێر، ٢٠٠٨).

11- موحسین محەمەد حوسێن: سروشتی مەعریفە و فەلسەفەی مێژوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر، ٢٠١١).

12- موفید ئەلزەیدی: سەرەتایەک لە فەلسەفەی مێژوو، وەرگێڕانی: بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، چاپی یەکەم، (هەولێر، ٢٠١٥).

- به زمانی ئینگلیزی:

1- John tosh: the pursuit of history – aims, methods and new directions in the study of modern history, revised third edition.
2- Peter N. Stearns: Why Study History?, American Historical: https://www.historians.org/about-aha-and-membership/aha-history-and-archives/historical-archives/why-study-history-(1998)